# بۆ سایتە کانی سە ربە خۆی کوردی

## ڕاژانی

ئەوە ماویەکە فەشەل بوونی هەموو ئیدیعاکانی حیزبی کومونیستی کارگەریی (ح ك ك) بە ڕێبەرانی یشی سەلمێندراوە . ئێستا ئیتر ئەم حیزبە دڵنیا بووە کە بێجگە لە دەرۆێشەکانی , کەس ئاوڕ لە خۆی و دەزگا زل و زەبەلاحە تەبلیغییەکانی ناداتەوە . بۆیە بەناچار ڕێبازێکی تازەی گرتووەتەبە . بەو شێوەیە کە قسەکانی خۆی ناڕاستەخۆ بە پێك هێنانی سایتی ئینتێرنێتی و گۆڤار و بلاّوکراوەی بەناو سەربەخۆ (کە بە هۆی هەڵس وکەوتی ئیدئۆلۆژیکی یەوە زۆر زوو دەستی خۆیان ڕوو دەکەن و دەناسرێنەوە ) یا لە زبانی تاکە کەسەوە لە سایتەکانی دیکەدا بلاّو دەکاتەوە . واتا ح ك ك هێندە تووشی شکست هاتووە کە تەنانەت حازر بووە نووسراوەکانی بخاتە سەر ئەو سایتە ئینتێرنێت یانەی کە بە کۆنەپەرست و بلاّوکەرەوەی بیری ناسیونالیستی و جەهل و خورافە و ...ی دەزانێ . من پێشتر لەم بارەوە وتارێکم بە ناوی '**حیزبی کومونیستی کارگەریی و خۆپیشاندانەکانی کوردستان**' بلاّو کردووەتەوە .

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا ژمارەیەك لەو سایتە کوردیانەی کە تا دوێنی لای ح ك ك بێ بایەخ و کۆنەپرست و قەوم پەرست بوون ، وتار و نووسینەکانی ئەم حیزبە یان پێ گەیشتووە و ئەوانیش لەسەر ماڵپەڕەکانی خۆیان دایان ناون . جێگای سەرنج ئەوەیە کە ح ك ك ناوی خۆی لەسەر نووسراوەکان لابردووە و ناوی تاکە کەسی لەسەر داناوە . یا ئەوەی بەناوی دەرۆێشێك یەوە دەینێرێ بۆ ئەو سایتانە . ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەم حیزبە دام و دەزگایەکی گەورەی تەبلیغاتیی هەیە کە دەیان سایتی ئینتەرنێتی و ڕادیۆ و تەلەویزیون و بنکە و بارەگا ی لە خۆ گرتووە . بەلاّم وەك دەبینین پەنای بردووتە بەر چەند سایتی 'قەوم پەرست' .

ئایا ئەم کارەی ح ك ك واتا پەنا بردن بۆ سایتەکانی سەربەخۆی ئینتەرنێتی , بێجگە لە داماوی و کەسادیی بازاڕ مانایەکی دیکەی هەیە ؟ من لەو باوەڕەدام لە دونیای ئەمڕۆدا ، بە پێشکەوتنی ئامرازەکانی پێوەندی و ئەلێکترۆنیکی ، هەمووکەس دەتوانێ بە ئاسانی بزانێ چەندە جەماوەری هەیە و بیسەر و تامەزرۆی قسە و بیرو باوەڕەکانی چەندەیە . لەهەلومەرجی باسکراودا ، کاتێك منی تاك دەتوانم تا ڕادەیەکی نیسبی ڕادەی پێشوازیی ( یا پێچەوانەکەی ) لە نووسینەکانم بەدەس بێنم , بێگومان ئەوکارە بۆ ح ك ك کە نیشانی داوە بێ باوك نییە و تەنانەت ئیمکانی وەڕێ خستنی کاناڵی ڕادیۆ و تەلەڤەزیونیشی بۆ دەستەبەر دەبێ , کارێکی دژوار نییە . دڵنیام ئەوکارەش دەکات و ئەم 'تاکتیك'ە نوێەش بەرهەمی ئەو کونترۆڵ کردن و بێ مشتری مانەوەیە !

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو سایتە ئینتەرنێتی یانە بە ڕاستی لە خزمەتی بزاڤی هەڤخوازانەی گولی کورد وبردنەسەری ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگای کوردەواری دان ؟ یا بە ڕێوەبەرانیان حەز دەکەن بەهەر شێوەیەك بووە سایتەکەیان لە نووسراوە و بابەت پڕ کەنەوە ؟ بێ چاو کردن لەئاست و ناوەڕۆك و شوێنی سەلبی یا ئیجابیی نووسراوەکان لە کۆمەڵ دا .

ئازادیی دەربڕین یەکێك لە بنەماکانی کۆمەڵگای ئازاد و یەکێك لە پێش مەرجەکانی دێمۆکراسی یە ( ئەو چتەی کە ح ك ك باوەڕی پێی نییە ) . بەلاّم ئایا بەمەبەستی بەکردەوە گەیاندنی ئەم

www.kurdistannet.org

ئەسڵە نابێ حیساب و کیتابێك لە ئارادا بێ ؟ مەسەلەن هەر بە حوکمی ئازادیی دەربڕین و باوەڕ بە دێموکراسی ، دەکرێ بەرەی داواکارانی مافی چارەنووسی گەلی کورد ( کە سایتە سەربەخۆ ئینتێرنێت یە کانیش دەگرێتەوە ) بۆ تێکۆشەرانی ئەم ڕێگایە و ناسیونالْ شیڤی نیستەکان(نەك ئازادی و یەکسانی خوازان)و 'پارێزەرانی یەکییەتیی خاکی وڵات' ، یەك دەرفەت بڕەخسێنن ؟

باشە ئەگەر بڕیار وایە 'وتار'ی حەمیدی تەقوایی و ئیرەجی ئازەرین و باقی 'قەڵەم ژەن'ەکانی ح ك ك ی بخەنە سەر سایتەکەیان . بۆ نووسراوەکانی چالاکانی ئیسلامی سیاسیی وەك مەلاکرێکار و زەواهێری یا ئەو نووسەرە عەرەب و تورك و فارسانەی کە نکۆڵی لە گەلی کورد و مافی چارەنووسی دەکەن ، لەسەر ماڵپەڕەکانیان بڵاو نەکەنەوە ؟ مەگەر نووسراوەی ئەم سێ لایەنە (ح ك ك ، ئیسلامی سیاسی و نەتەوەپەرستەکانی وڵاتانی داگیرکەرا ) لەناوەرکدا وەك یەك نین ؟ ئەوە نییە هەرسێ لایان دژی دیمۆکراسی و ئازادی و مافی گەلانن . ئەگەر کەسێك گومانی لە هاوڕەنگی و هاودەنگیی ئەو سێ فیکرەدا هەیە با چاو لە نووسراوە و بڵاوکراوەی هەرسێ لایان بکا و پێکەوە هەڵیان سەنگێنێ .

باشە ئەگەر ئێمە ئەو دەرفەتە بەوان دەدەین کە لە ئیمکانی خۆمان بە دژی گەلەکەمان و داخوازەکانمان کەڵك وەرگرن ، ئەوان لە ڕاگەیەنەرەکانی خۆیاندا چەندە دەرفەت بە ئێمە دەدەن کە بانگەشەی داخوازەکانمان بکەین؟ یا لانی کەم وەڵامی پڕوپاگەندە ژاراویەکانیان بدینەوە. لێرەدایە کە نابەرابەری و هەڵاواردن دێتە ئاراوە.کە ئەمەش سادەیی ئێمە و زیرەکی ئەوان دەردەخات. تا واش بین هەر دەیدۆڕێنین. من داوا لە بەڕێوەبەرانی ئەم سایتانە دەکەم چاوێك لە کۆمەڵە سایتەکەی ح ك ك بکەن و ببینن ئەوان بۆ فیکرەی خۆیان چۆن ئێمە چۆنین.

نابێ لەبیری کەین کە ئەم سایتە کوردیانە دەرفەتێکی نوێ یە کە پێشکەوتنی زانست و تێکنۆلوژی دەستەبەری کردووە و بە ڕاستی دەبێ لە ئیختیاری ئەو کەسانەدا بێت کە وەك تاك بێجگە لە خۆیان و هەستی پەنگ خواردووی پڕ لە ئێش و ژان ، نەخاوەنی دەسەڵاتن و نەش خولیای دەسەڵاتیان لەسەردایە . ئەم سایتانە دەبێ جێگای قەڵەم و خامەی ڕخنەگر و چاودێری حیزبی سیاسی و دەسەڵاتداران بن . نەك ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەشە و پڕۆپاگەندەی حیزبەکان . ئەویش ئەو لایەنانەی کە ڕاستەوخۆ قۆڵیان بۆ توانەوەی گەلانی ستەم لێکراو هەڵکردووە . هەموومان دەزانین حیزبی سیاسی بە ڕادەی پێویست ئیمکانی بانگەشە و تەبلیغی هەیە .

بە ڕێوەبەرانی سایتە کانی سەربەخۆ دەبێ بەئەمانەتەوە ئەم ئیمکانە ڕاگرن و بیکەنە جێگەی موتمانە و بڕوای جەماوەر و بەتایبەت توێژی ڕۆشتبیر و پێشکەوتنخواز. دەبێ هەموومان چاودێر و بەرپرسیار بین کە ئەم دەرەتانە چکۆلەشە لە مرۆڤی ڕاست بێژ و سەربەخۆ نەشێوێندرێت . چونکە مەبەستی ح ك ك لەم کارە گەیشتن بە دوو ئامانجە. یەکەم ئەگەر کرا چوون کەسی ئازاد ڕووی تێ ناکا ، لەم ڕێگەوە بۆ بیرو باوەڕی خۆی بانگەشە بکات . دووەم ئاژاوەو چەواشەکاری بخاتە نێو ئەم سایتانەوە یا لانی کەم لە ئیعتباریان بشکێنی . هەرلیرەشداجیگەی خۆیەتی بە ڕێزەوە چاو لەو هێزە سیاسی یانە بکرێ کە تاپۆ گەریی و پاوان خوازیی دەشکێنن و تا ڕادەیەك ئاوڕ لە بیرو ڕای غەیر خۆیان دەدەنەوە.

خاکە لێوەی 2004

www.kurdistannet.org